گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/2nt6k086

ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: 10/04/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 06/07/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/10/2025

# دەقاوێزانی کەلتوری لە شیعرەکانی (پیرەمێرد)دا

عمر محمد صالح [1] کانیاو قادر علی [2]
omer.mohammed@uor.edu.krd kanyaw.qadr@uor.edu.krd
[1+2] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە:**
ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناوی (دەقاوێزانی کەلتوری لە شـــیعرەکانی (پیرەمێرد)دا هەوڵ و گەڕانێکی چڕی شـــاعیرە، کە بە وێنای فکری و ڕۆشـنبیرییەکی بەرزەوە توانیویەتی چەشـنە جیاوازەکانی کەلتوری کۆمەڵگای کوردی ئاوێزانی شـیعرەکانی بکات و خوێنەر بە دەوڵەمەندی ئەو کەلتورە ئاشنابکات و بەشداری پێ بکات لە ئاشکراکردنی واتای دەقاوێزانکراوەکان، چونکە چەمکی دەقـاوێزان، کە بە مـانـای کـارلێکردنی نێوان دەقەکـان دێـت بوە وەرچەرخـانێکی گەورەی هزری و شرۆڤەکردنی بەرهەمی ئەدەبی لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، بە جۆرێک بەهێزی چەمکەکە توانی خوێندنەوەیەکی ئەرێنی لای شـاعیران دروسـتبکات،کە داهێنان و هێنانەکایەی بەرهەمی نوێی ئەدەبی لێبکەوێتەوە. بەهۆی ئەوەی پیرەمێرد لە بەشـێکی زۆری دەقەکانیدا سـودی لە کەلتور وەرگرتوە؛ بۆیە زیاتر ئەم جۆرەی دەقاوێزان لە بەرهەمە شـیعرییەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە و زاڵتر دەردەکەوێت، کە ئەمەش بەڵگەی هەبونی پاشـخانێکی دەوڵەمەندی شـاعیر دەسـەلمێنێت لە بەکارهێنانی (وشـە و کۆد)ی کەلتوری. دەسـتنیشـانکردنی جۆرەکانی دەقاوێزانی کەلتوری لە بەرهەمە شـیعرییەکانی پیرەمێرددا لە ئامانجە سـەرەکییەکانی توێژینەوەکەیە، بۆ ئەم مەبەسـتەش دیوانە شـیعرییەکانی شـاعیر کراوەتە مەودا و سـنوری توێژینەوەکە لە چوارچێوەی بەکارهێنانی ڕێبازی وەسـفی شـیکاری بە هەردو شـێوەی (تیۆری و پراکتیکی) لەپێناوی ئاشـکراکردنی ئەنجامی ئەوەی دەقاوێزانی کەلتوری مۆرکێکی تایبەت و ئاشـکرای بە شـیعرەکان بەخشـیوە و بەشـێوەیەکی چڕ کەلتور ڕەنگدانەوەی لەسـەر بەرهەمەکانی پیرەمێرددا هەبوە. شـاعیر دەقاوێزانە کەلتورییەکانی زۆرترین ڕێژەی بەپێی یاسـاکانی دەقاوێزان لە جۆری (هەڵمژین و جوینەوە) ئەنجامداوە و پرۆسـەکەش خۆی لە جۆرەکانی دەقاوێزانی (دەرەکی، خودی، قۆناغی) دەبینێتەوە بە بەکارهێنانی بەشەکانی (داستانی فۆلکلۆر، پەندی پێشینان، مەتەڵ، گاڵتە و تەنز ئامێز، حیکایەت و سەرگوزەشتە، سرود و بەستە و گۆرانی).

**وشە سەرەکییەکان:** دەقاوێزان، کەلتور، شیعر، پیرەمێرد.

# Cultural Intertextuality in Piramerd's Poems

**Omer Mohammad Salih[1] - Kanyaw Qadr Ali[2]**
[1+2]Department of Kurdish Language, College of Basic Education,University of Raparin,Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

This study explores the intertextual dimensions of culture in the poetry of Piramerd, who is a significant figure in the Kurdish literature. This study takes an in-depth look at the Kurdish poet Piramerd, examining the way his poems introduce readers with different cultural Intertextuality of culture. The interaction between texts has become a major turning point in the intellectual and interpretation of literary works in Kurdish literary criticism, so that the strength of the concept was able to create a positive reading among poets, which led to innovation and introduction of new literary works. Due to the fact that, Piramird made use of culture in many of his texts; Therefore, this type of Intertextuality is more common, which marks a turning point in Kurdish literary. This is evident of the poet's rich background in the use of cultural words and codes.

The main objectives of this research are to identify the types of cultural differences in Piramird's poetic works (Theory and Practice) In order to reveal the results that cultural distortions have given a special and obvious stamp to the poems and intensively culture has reflected on the works of the old man. Itself, stage) using the sections (folklore, proverbs, riddles, jokes and satire, stories and adventures, poems and songs).

Keywords: Culture, Intertextuality, Piramerd, Poet.

## پێشەکی:

دەقاوێزان لە چەمکە تازەکانە و کاردانەوەیەک بو دژی بۆچونی بونیادگەرەکان، چونکە ئەوان لە سێگۆشەی (نوسەر- دەق- خوێنەر) تەنها جەختیان لە دەق دەکردەوە، وەکو یەکەیەکی سەربەخۆی بێ گیان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد و پەیامی نوسەر و ڕۆڵی خوێنەریان فەرامۆش دەکرد. بەڵام دەرکەوتنی دەقاوێزان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لە نێوان دەق و خوێنەردا دروست کرد. سیماکانی ئەم چەمکە لە ئەدەب و ڕەخنەی کوردیدا، تا ماوەیەکی زۆر شاراوە بون و زیاتر لەچوارچێوەی دزی ئەدەبی و وەرگرتنی بێ ناونیشاندا جەختی لەسەر دەکرایەوە، دەقاوێزان ئیش لەسەر خوێنەر دەکات، لەڕێگەیەوە خوێنەر باگراوندی ڕۆشنبیری فراوانتر دەبێت و زیاتر ڕۆدەچێتە لایەنە شاراوەکانی دەقی ئاوێزانکراوەوە. لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا ئەدەبناسان درەنگ بەم چەمکە ئاشنابونە، هەرچەندە هەمو شاعیران و نوسەرانی کورد بەهۆی کاریگەری و کارتێکردن پەییان بەو بابەتە بردوە، بەبێ ئەوەی شارەزایی و زانیارییان دەربارەی یاسا

و میکانیزمەکانی ئەم بابەتە هەبوبێت. پیرەمێردیش لەو شاعیرانەیە بە وردبونەوە لە شیعرەکانی دەردەکەوێت زۆرینەی جۆرەکانی دەقاوێزان لەشیعرەکانیدا دەردەکەوێت، یەکێک لەو جۆرانەشی (دەقاوێزانی کەلتوریە) کە ناونیشانی توێژینەوەکەی ئێمەیە بەناوی (دەقاوێزانی کەلتوری لە شیعرەکانی پیرەمێرد)دا، لەو ڕێیەوە هەوڵمانداوە دەقە شیعرییە فۆلکلۆرییەکانی شاعیر وەربگرین و بەپێی بنەماکانی دەقاوێزان شرۆڤەیان بکەین.

**هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانەکە:**

پێویستی و دەرخستن و شیکردنەوەی لایەنە شاراوەکانی دەقاوێزانی کەلتوری، لە بەرهەمە شیعرییەکانی پیرەمێرددا دەرفەتی زیاتر دەدات بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی زیاتری لە بارەوە بکرێت.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە ڕوی تیۆرییەوە زانیاری زیاتر دەربارەی چەمکی دەقاوێزان، جۆر و تایبەتمەندی و لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی دەخاتەڕو، هەروەها لە ڕوی پڕاکتیکیشەوە ئەوە ئاشکرا دەکات، کە یاساجیاوازەکانی دەقاوێزان چۆن بەسەر دەقەشیعرییەکاندا پڕاکتیزەبونە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

لە ئامانجە گرنگەکانی ئەم توێژینەوەیە:

١. زانینی چۆنیەتی بەکارهێنانی یاساکانی دەقاوێزان لە بەرهەمە شیعرە کەلتورییەکانی پیرەمێرددا.

٢. زانینی دەستنیشانکردنی یاساکانی دەقاوێزان لە بەرهەمەکانی پیرەمێرددا.

٣. زانینی ڕەهەندە جیاوازەکانی دەقاوێزان لە شیعرە کەلتورییەکانی پیرەمێرددا.

٤. زانینی جۆرەکانی دەقاوێزانی کەلتوری لە بەرهەمە شیعرییەکانی پیرەمێرددا.

**کێشە و گریمانەی توێژینەوەکە:**

دیاریکردن و دەستنیشانکردنی جۆرەکانی دەقاوێزانی کەلتوری بەپێی یاسا جیاوازەکانی دەقاوێزان لە بەرهەمەکانی شاعیردا فراوانی کەرەستە و مەودای کەلتورییەکان و چۆنێتی سنوردانان بۆی، کە شاعیر کاری لەسەرکردون کێشەی سەرەکی توێژینەوەکەیە، هەروەها گریمانەش بۆ چەند پرسیارێک بکەین، وەک:

- تا چەند دەقاوێزان و جۆرەکانی لە بەرهەمە شیعرییەکانی پیرەمێرددا ڕەنگیانداوەتەوە؟
- تا چەند توانراوە جۆرەکانی دەقاوێزانی کەلتوری لە بەرهەمەکانی شاعیردا دەستنیشان بکرێن؟
- دەقاوێزانە کەلتورییەکانی پیرەمێرد ڕۆڵیان هەبوە لە گەشەپێدانی ڕۆشنبیری خوێنەر؟
- ڕێژەی ڕەهەندە جیاوازەکانی دەقاوێزان لە بەرهەمە شیعرییەکانی پیرەمێرددا چەندە؟

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ڕێبازی توێژینەوەکەمان بە یاسا و میکانیزمەکانی دەقاوێزان بەپێی میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە، کە میتۆدێکی گونجاوە بۆ شرۆڤە و پڕاکتیزەکردنی دەقاوێزانی بەرهەمە کەلتورییەکانی شاعیر و گەیشتن بە ئەنجامەکان.

پێکهاتەی توێژینەوەکە:

پێکهاتەی توێژینەوەکەمان جگە لەم پێشەکیە لە دو بەش و ئەنجام و سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی و ئینگلیزی پێکهاتوە، کە بەشی یەکەم تایبەتە بە لایەنی تیۆری و تەوەرەکانی (زاراوە و چەمک و مێژوی دەقاوێزان) و (تایبەتمەندی و یاساکانی دەقاوێزان) باسکراون و بەشی دوەمیش لایەنی پڕاکتیزەکردنی دەقاوێزانی کەلتوری

دەقەشیعرییەکان دەگرێتەوە. پاشان ئەنجامە گشتییەکانی ئەم بابەتە بە چەند خاڵێکی چڕ و پوخت ئاماژەیان پێدراوە، دواتریش ئەو سەرچاوانەی لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا بەکارمان هێناون خراونەتەڕو.

## بەشی یەکەم: سەرەتایەکی تیۆری لەبارەی دەقاوێزانەوە

## تەوەرەی یەکەم: زاراوە و چەمك و مێژوی دەقاوێزان

### زاراوەی دەقاوێزان لەڕوی زمانەوانی:

بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەوە لە ڕوی فەرهەنگی و زامانەوانییەوە وشەکانی ((بەناویەکداچونی دەقەکان، دەقاوێزان، دەقئاوێزان)ی بۆ بەکارهێنراوە. (وەکو زاراوە بۆ یەکەمجار ژنە ڕەخنەگری فەڕەنسیـ بەڕەگەز بولگاری (ژولیا کریستیڤا) ساڵی ١٩٦٦ دایهێنا، بەتایبەتی لەو لێکۆڵینەوانەیدا ئاماژەی پێکردوە، کە لە هەردو گۆڤاری (ڕەخنە) و (تیل کویل)ی فەڕەنسیدا بڵاوی کردونەتەوە) (خالص،٢٠٠٦: ٤٢). ئەم وشەیە لە زمانی فەڕەنسیدا زاراوەی (Inter Text Tualite) بۆ دانراوە، کە بنچینەی زاراوە فەڕەنسـییەکەش لە سەرچاوەی لاتینی (Tettre) وەرگیراوە و مانای (چین (حبکە) دەگرێتەوە، کەواتە (inter text) واتای ئاڵوگۆڕی دەق دەگەیەنێت و لە زمانی ئینگلیزیشدا زاراوەی ( Inter text uality) بۆ بەکاردەهێنرێت)(حیدرة، ٢٠٢٢: ٨). دواتر ئەم زاراوەیە لق و پۆپی هاویشت و لە ئەدەبی ئەوروپیەوە پەڕییەوە بۆ ئەدەبیاتی نەتەوەکانی تر و ئەوانیش بەپێی گونجانی زمان و تێگەیشتنیان بۆ وشەکە زاراوەی تایبەتیان بۆ دانا. لای عەرەبەکان و بە تایبەت لە کردەی دەقی ئەدەبیدا (زاراوەی (التناص)ی بۆ بەکارهێنراوە، لەلایەکترەوە لە زمانی فارسیدا و بەتایبەت لە گۆڤار و فەرهەنگە ڕەخنەییەکاندا زاراوەی (بینامتنی) بۆ ئەم وشەیە دانراوە، کە لەلایەن (پیام یزدانجو) وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی و بەواتای (ناو دەق یان نێو دەق و زۆرجاریش دەرونی دەق) دەگرێتەوە) (مەحمود، ٢٠١٢: ٢٤). دەرکەوتەی ئەم زاراوەیە لە لەفەرهەنگی کوردیشدا بەم سیما و شێوازەی ئێستا نەبوە، بەڵکو بەکارهێنانی لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا بۆ دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە. ئەم زاراوە تازەیە لە دو وشەی سەربەخۆی لێکدراوی واتادار وشەی (دەق) + (ئاوێزان) پێکهاتوە، کە لەکاتی لێکدانی دو وشەی لێکدراو (ئ) یەکە لادەچێت و دەبێتە (دەقاوێزان)[1] لە ئەدەب و ڕەخنەی کوردیشدا ئەم زاراوەیە لەلایەنی تیۆری و پراکتیکیدا گرینگیەکی ئەوتۆی پێنەدراوە و بە تەواوی نەناسرابو، هەتا بۆ یەکەمجار (عبداللە تاهیر بەرزنجی) توێژینەوەیەکی تیۆری لە گۆڤاری (ئێستا) لەبارەی دەقاوێزان بڵاوکردەوە) (عزیز، ٢٠١٩: ١١٥)، کە وشەی (دەقئاوێزان) ی وەک زاراوەیەک بەکارهێنا و لەمەوە زاراوەی (دەقئاوێزان) وەکو چەمکە تیۆرییەکە لەناو ئەدەبی کوردیشدا دەرکەوت و شوێنی خۆیگرت.

### چەمکی دەقاوێزان لەڕوی بەکارهێنان:

چەمکی دەقاوێزان لە پەیوەندی نێوان بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە دەردەکەوت و (ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی هەر دەقێک کاریگەری و ئاماژەدان و واتای دەقەکانی دیکەی پێشوی هەڵگرتوە)(Golam Shahariar، 2023، 190) یەکەم کەسانێك هەستان بە ناساندن و پێناسەکردنی دەقاوێزان بریتی بون لە ڕەخنەگرە ڕۆژئاواییەکان، لەسەردەمی تازەدا (جولیا کریستیڤا) ئاماژەی بە دەقاوێزان کردوە، کە پەیوەستە بە چەمکەکانی بەیەکگەیشتنی دەقەکان لەگەڵ دەقی تردا، یاخود ئەو مەودایەی لە نێوان دەقێك لەگەڵ دەقێکی تر هەیە و نیشانەیە بەوەی پەسەنکردنی لە دایکبونی دەقە) (الادباغ، ٢٠٢١، ٣). ئەمە دەرخەری ئەوەیە هەمو دەقێك (هەڵێنجراو، یان لێوەرگیراوی دەقێکی دیکەیە)(حمزة، بێ ساڵە، ١٥٨)، ئەمەش (کۆچکردنی دەقەکان بۆ لای یەکدی) دەگەیەنێت. لەبنەڕەتدا (جولیا بیرۆکەی ئەم وشەیەی لە چەمکی (دیالۆگیزمی) ڕەخنەگری ڕوسی (میخائیل باختین ١٨٩٥- ١٩٧٥) و بە تایبەت لەو لێکۆڵینەوانەی ساڵی (١٩٢٦)

باختین لەبارەی شیعرییەتی ڕۆمانەکانی (دیستۆڤیسکی) ئەنجامی داون وەریگرتوە، بەو پێیەی باختین پەیوەندی نێوان بە (دیالۆگیزم) دادەنرێت و پێی وایە هەمو دەستەواژەیەک پەیوەندییەکی دیالۆگی لەگەڵ تێکستەکانی تردا هەیە و خاڵی نیە لە ڕەهەندی دەقاوێزان)(ئەسوەد، ٢٠١١: ٧٩). لەڕوانگەی (جولیا کریستیڤا) دەق ڕێبازێکی داخراو و کلیل دراو نییە، وەک ئەوەی بونیادگەر و فۆرمالیستەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکو هەمو دەقێک پێکهاتەیەکی فرەڕەنگ و گەواهیدەرانەی هەیە. ناوبراو بۆچونی وایە ((هەمو دەقێک بریتییە لە تابلۆیەکی فرە ڕەنگ لە وەرگرتنەکان، هەر دەقێکیش مژین و گۆڕینی دەقەکانی دیکەیە)) (مەعروف، ٢٠١٢: ٧٤). ئەمە مانای ئەوەیە هیچ دەقێک نییە کاریگەری دەقەکانی تری بەسەرەوە نەبێ و بەدەربێ لە کارتێکردنی دەرەکی.

ئەم بۆچونەی کریستیڤا هەروا سەرزاری و هەڕەمەکی نەبو دەربارەی چەمکی دەقاوێزان، بەڵکو لە توێژینەوەیەکیدا بەناوی (شۆڕشی زمانی شیعری) بەشێوەیەکی پراکتیکی و کرداری کۆمەڵێک دەقی شیکردۆتەوە و لێیان قوڵ بۆتەوە و دەڵێت: دەقاوێزان ((کارلێکی خودی دەقێکە لەنێو دەقێکی تردا)) (خەیات، ٢٠١٩: ١٧٢). ئەو پێیوایە هەمو دەقێک لە ئەنجامی کارلێکێکی ناوەکی دروست دەبێ. تێڕوانینەکەی (کریستیڤا) لەمەڕ چەمک و پێناسەی دەقاوێزان جیاوازی بۆچونی ڕەخنەگرانی ڕۆژئاوای لێکەوتەوە و ڕەخنەگرێکی وەکو (ڕۆلان بارت) بۆچونێکی تایبەتی هەیە دەربارەی چەمکی دەقاوێزان و دەڵێت: ((دەقئاوێزان تێکەڵەیەکە لە وەرگرتن و ڕەنگدانەوە لە زمانی ڕۆشنفکرەکانی پێشو و باوەڕی وایە هەمو دەقێك دەقئاوێزانە لەگەڵ دەقێکی تردا)) (الدباغ، ٢٠٢١: ٤٧). ئاماژەکان بەشێوەیەکن لەسەر ئەم چەمکە هەمو دەقێکی ئەدەبی دەقاوێزانی تێدا بەدیدەکرێت بە ئاستی جودا و جیاواز، لە ڕوانگەی بارت دەقاوێزان فۆرمێکی شێوە موگناتیسی ـ هەیە، کە تیشکی دەقەکانی تر بۆ لای خۆی کێش دەکات تا لە ئەنجامدا دەقێکی تازە بێنێتەکایەوە. هەروەها (فیرت) پێیوایە بنەوا ((لەو کردە داهێنانکارییە بریتییە لە دەقئاوێزان ناگونجێ هیچ دەقێك هەبێ و بەتاڵ بێ مەگەر لە ناویدا بەڕێژەی لێکجودا و لێتێکەشتن لێی بەڕێیەك لە ڕێیەکان بە زەحمەت نییە، کە ئاماژەیە بۆ ڕۆشنبیری جۆراو جۆر، جا کۆن یان تازە بێ)) (خلیف، ٢٠١٩: ٤٩٤). دەقاوێزان داهێنان لە بەرهەمە ئەدەبییەکان دەکات، بەهۆی تێکەڵابونی دەقەکان لەگەڵ یەکتریدا، کار بۆ دۆزینەوەی جوانیناسیەکانی دەق دەکات. (ڕۆبرت شونر) ڕەخنەگرێکی ترە و وای دەبینێ واتای (دەقئاوێزان) بەپێی بۆچونی ڕەخنەگران و خوێنەران دەگۆڕێت، بەڵام لەکۆتایدا هەمویان ئاماژە بۆ دەقێکی تر دەکەن، هەروەک دەڵێت: ((دەق دەڕژێتە ناو دەقی ترەوە تا مەدلولی تازە بەپێی هۆشیاری و ناهۆشیاری نوسەر بەرجەستە بکات)) (حسێن، ٢٠١٩: ١٤). لە لای فۆکۆش دەقاوێزان: (بریتییە لە کردەی هەڵێنجان و گۆڕینی ڕیشەیی یاخود بەشێکی دەقەکانی تر و چەسپاندن(قبول) یاخود ڕەتکردنەوەی، هەروەک دۆمنیک مانجینۆش لە توێژینەوەی (دەروازەیەک بۆ ڕێبازی شیکاری گوتاری) پێناسەی ئەم چەمکە پوخت دەکاتەوە بەوەی: کۆمەڵێک پەیوەندی نێوان دەقێک بە دەقەکانی ترەوەیە، کە لە میانەیانەوە بەرهەمهاتوە.) (البادي، ٢٠٠٩: ٢٠-٢١).

کاتێک دەستەواژەیەک تێکەڵی دەقێکی تر دەکرێت مانای تازەتر بەرهەم دەهێنێت، کە حاڵەتی ئاگایی و نائاگایی کاتی نوسەر دەردەخات، یاخود لە پێناسەیەکی تردا دەوترێت دەقاوێزان (لەدایکبونی تێکستێکە لە منداڵدانی تێکستەکانی تر) (ئەسوەد، ٢٠١١: ٨١). ڕەخنەگرە عەرەبەکانیش بۆچون و ناساندنی جیاوازیان بۆ دەقاوێزان هەبوە، (بەوەی هەر دەقێکی ئەدەبی دەکرێت هەڵگری بۆچونگەلێکی بێت، ئەویش لە ڕێگای وەرگرتن_ الاقتباس، یاخود لەخۆگرتن_ التضمین، یانیش تێلنیشان_ التلمیح، یا ئاماژە_الأشارة)(حمزة، بێ ساڵە:١٥٩) ئەم بۆچونە ئەوە پشت ڕاست دەکاتەوە،کە دەقاوێزان بە ڕێگای جیاواز دروست دەبێت. لە لایەکی ترەوە عبداللە الغذامی دەڵێت: ((دەقئاوێزانی

دەقەکان، یاخود دەق بریتییە لە بەرهەمی دەقێکی دی و لەو بەرهەم هاتوە، هەر دەقێك بۆتەیەكە دەق گەلێکی ڕابردو و داهاتو لەگەڵ دەقە بنەڕەتییەکە لەخۆدەگرێت)) (خلیف، ٢٠١٩: ٤٩١) واتە جۆری ئاوێزانکردنەکە خزمەت بە دەقە بنچینەییەکە دەکات.

لە کۆیی هەمو ئەوبۆچون و پێناســـانەوە پێمان وایە دەقاوێزان چەمکێکی فرە ڕەهەندە و قاڵبێکە زیاتر لە یەک بۆچون لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، وەکو وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگ پەیامی نوسەر بە خوێنەر دەگەیەنێت و بیری خوێنەر لە زۆر لایەنەوە دەوڵەمەنـد دەکات. دەقـاوێزان (بەیەکـداچونی دەق)ە، واتـا دەقێکی تـازە دەچێتە نـاو دەقێکی کۆن. دەتوانین بڵێین: دەقاوێزان بریتییە لە پێکهێنان و دروسـتکردنی دەقێکی نوێ لە چەند دەقێکی پێشـو، بەهۆی ئەم تێکەڵاوبونە بەشـێکی ئەو دەقانە دێن لەگەڵ یەکتریدا. دەقاوێزان دیوە شاراوەکان ئاشکرا دەکات، کەبۆتە هاتنەئارای دەقێکی نوێ بە واتایەکی نوێوە.

## تەوەرەی دوەم: تایبەتمەندی و یاساکانی دەقاوێزان

هەمو لادانێک یان گۆڕانکارییەک، کە لە ژانرە جیاوازەکانی ئەدەبدا ڕودەدات کۆمەڵێ نیشـــانە و ســـیمای تایبەت وەردەگرێت و مۆرکی دیاریکراوی چەمکە تازەکە هەڵدەگرێت، دەقاوێزانیش دوای سەرهەڵدانی بەکۆمەڵێ تایبەتمەندی جێگەی خۆی گرت، لەوانە:

1. دەقاوێزان شـۆڕشـێکی بەرپاکرد لەپێناو ڕوخاندی کۆن و ســەرلەنوێ بونیادنانەوە بە فۆرمێکی نوێتر. چەمکێکە مـامەڵە و پەیوەنـدی لەگەڵ خوێنەر زۆر پتەوە و پێویســـتی بەخوێنەر هەیە، تـا دەقەکە بە تـازەی بەرهەم بهێنێتەوە، چونکە مامەڵە لەگەڵ دەقی کراوە دەکات؛ هەربۆیە دەوترێت دەقاوێزان شۆڕشێک بو بەسەر دیوی ناوەوەی بونیادگەری ئەنجامدرا.
2. دەقاوێزان چەمکێکی فرە ڕەنگ و فرە دەنگە، کە گفتوگۆ لەسەر دەقی زیندو دەکات، دەقی ڕوکەش و قوڵ، من و تۆدا دەکات. جیاوازی بۆچونی ڕەخنەگران و لێکۆڵەران لەمەڕ زاراوەی دەقاوێزان وایکردوە تائێســـتاش ئەم چەمکە بە تەواوی جێگیرنەبێ.
3. دەقاوێزان پرۆسەیەکی کارلێکی دەنگە جیاوازەکان. زاراوەکە بوە هۆی نەمان و هەڵوەشاندنەوەی وتەی داهێنان و شـــاعیری داهێنەر، واتە دەســـەڵاتی نوســـەری ســـنوردارکرد، جەخت لەســـەر ئەوە دەکاتەوە هەمو دەقێک ســـەنتەرێکی دەقاوێزانە بەســـەر ڕەگەزەکانی تری ئەدەبدا (حســـێن، ٢٠١٩: ١٥). شـــارەزایان و ڕەخنەگران لە بەکارهێنان و تێڕامانیان کۆمەڵێ لایەنی باشی دەقاوێزانیان بۆ دەرکەوتوە، لەوانە:

## لایەنە باشەکانی دەقاوێزان:

**بەپێی ئەو شیکردنەوانەی بۆ چەمکی دەقاوێزان کراون بە چەند خاڵێکی چاک و بەسود دەناسرێتەوە،لەوانە:**

- کرانەوەی دەق و خوێندنەوەی فرەلایەنی واتاکانی دەق.
- پیشـاندانی تواناکانی نوسـەر و خوێنەر بە یەکسـانی، کە هەرکامێکیان خاوەنی پاشـخانێکی ڕۆشـنبیری و مێژوی تایبەتن.
- دەقاوێزان یارمەتی نوسەر دەدات لە پیشاندانی ڕوداوەکانی ڕابردوی و بەرجەستەکردنی سۆز و بیرەکانی ئێستای، هەروەها ڕێگەیەکیشە بۆ چاودێریکردنی داهاتوش.

- دەقاوێزان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە ڕوخاندن و لابردنی هەمو بەربەست و سنورێک لە نێوان شارستانیەتی ڕۆشنبیرییە جیاوازەکاندا و پشکی شێری بەردەکەوێت لە سەرکەوتنی پرۆسەی پێکەوە گرێدانی ئەدەبە جیاوازەکان.
- دەقاوێزان ڕۆڵێکی ئەرێنی دەبینێ لە بەرهەمهێنانی دەقێکی ئەدەبی کۆن بە بنیاتێکی زمانی تایبەت.(حسێن، ۲۰۱۹: ۱٦).

د. شجاع مسلم العانی پلەکانی دەقاوێزان بەپێی خوێندنەوە و خوێنەر بۆ پلەکانی **(دیار و نادیار)** دابەش دەکات:

**یەکەم: دەقاوێزانی دیار (هەستی):** بە دەقاوێزانی بەئاگاییش ناودەبرێت و جۆرێکە شێوەیەکی ئاشکرای لە (وەرگرتن و تێئاخنین) هەیە و نوسەری دوەم لەوپەڕی ئاگاییەوە ئەوکارە دەکات.

**دوەم: دەقاوێزانی شاراوە، نادیار (نەستی):** هەندێکجار نوسەری دوەم لەمەیاندا بێئاگایە و زۆرجاریش بەمەبەستی شاردنەوەی لایەنی ئیستاتیکی، یاخود ڕەتکردنەوەی وەرگرتنێکی ئاشکرا ئەم کارە دەکات کاتێک سەرقاڵی بەرهەمهێنانی دەقەکەیەتی، کە لە هەردو باردا خوێنەر ڕۆڵێکی کارا دەبینێت. (العانی،۱۹۹۱: ۸۱-۸۲)

## یاساکانی دەقاوێزان.

دەقاوێزان وەکو کردارێکی کارلێکی ئەدەبی لە ڕێگەی سێ جۆر یاساوە دروست دەکرێت و دەق لەسەر بنیاتدەنرێت، بەم شێوەیە:

### یەکەم: یاسایی جوینەوە (الاجترار).

ئەم یاسایە دەستەواژەی کاوێژکردنەوە (دوبارەکردنەوە)شی بۆ بەکاردێت، کە لێرەدا (نوسەر بەشێوەیەکی ئاگایی هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ دەقی نادیاردا دەکات بە دوبارەبونەوەی دەق نائامادە (بزر) بە بێ گۆڕانکاری و دیالۆگکردن لەگەڵیدا)(ناهم، ۲۰۰٤: ٤۳). واتە لەم یاسایەدا دەقە کۆنەکە بەبێ دیالۆگکردن و گۆڕانکاری، یاخود هەندێ گۆڕانکاری کەمەوە دەستکاری دەکرێت، کە خوێنەر ڕاستەوخۆ هەست بە دەقە نائامادەکە دە کات و گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەدی ناکات.

### دوەم: یاسایی هەڵمژین (الامتصاص).

پلەیەک لە یاسایی جۆری (جوینەوە) باشترە و تاڕادەیەک هاوسەنگە بەوەی، کە وەرگرتنەکە نە تەواو جوینەوەیە، نە ڕەتکردنەوەی تەواوی دەقەکەشە، بەڵکو بریتیە ((لەوەی دەق تازە لەگەڵ دەقەکانی تردا بەهۆشیارییەکی چالاکی نوێکەرەوە مامەڵە دەکات، ڕێزگرتن و بە گەورە ڕاگرتنی پەیکەری گشتی دەقەکە لەگەڵ جیاوازی لە وردەکارییەکاندا)) (بایز، ۲۰۱۳: ۱۸۷). لەم پێناسەیەوە ئەوە دەردەکەوێت لە دروستکردنی دەقاوێزاندا هاوسەنگی لەنێوان دەقەکاندا هەیە.

### سێیەم: یاسایی گفتوگۆ یاخود دیالۆگ (الحوار).

یاسایەکی تری بەرهەمهێنانی دەقاوێزانە و بە ئاستێکی باش مامەڵە لەگەڵ دەقی شاراوە و نادیار دەکات، لەم جۆرەیاندا (شاعیر یان نوسەر بەشێوەی دیالۆگ ڕوی ناوەوەی دەقە ئەدەبیەکە شیدەکاتەوە و تەنیا لە دیوی دەرەوەی دەقەکە ڕانامێنێت، بەڵکو لە ڕێگای گفتوگۆوە گۆڕانکاری جەوهەری لە بونیادی دەقەکەدا دەکات بەمەبەست هەڵیدەگێڕێتەوە و دەیگۆڕێت)(عزیز، ۲۰۱۹: ۱۱٦) ئەمەش لە پێناوی داهێنان و کرانەوەی دەقەکە بەڕوی ژینگە و واتایەکی نوێدا.

### جۆرەکانی دەقاوێزان بەپێی پەیوەندی لەگەڵ دەقەکان:

دەقاوێزان بەو پەیوەندییە دەگوترێت، کە دەقێك لەگەڵ چەند دەقێکی تردا هەیەتی، جا ڕەنگە ئەو پەیوەندییە زۆر ئاشـکرا بێت و بە ئاسـانی هەسـتی پێبکرێت و بە سـادەیی دەربکەوێت، تەنیا کەمێك تێڕامانی بوێت، لەوانەشـە ئەوەندە ئاڵۆزبێت پاش تێڕامانی زۆریش خوێنەری وردی بوێت تا هەســـتی پێبکات، تەنانەت زۆرجار پێویســـتی بە لێکدانەوە و شرۆڤەکردن و ڕەخنەگر دەبێت، جا بەپێی ئەم پەیوەندییە بێت دەتوانین چوار جۆر لە دەقاوێزان دیاری بکەین:

_ **دەقاوێزانی دەرەکی (التناص الخارجی)**: وەک لە ناوەکەیەوە دیارە هەمو ئەو کەرەســـتە و واتایانەی نێو خودی دەق دەگرێتەوە، کە لە ســـەرچاوە دەرەکییەکانی وەك (ئاین، ئەدەب، ئەفســـانەی میللی و مێژوی......هتد) وەرگیراون، ئەم سەرچاوانەش لە دارشتنی پێکهاتەی ناوەکی و دەرەکی دەقدا سودیان لێبینراوە.


_ **دەقاوێزانی قۆناغی (التناص المرحلی)**: لەم جۆرەیاندا دەقاوێزان لە نێوان دو نوســەر یان دو هونەرمەند دا ڕودەدات، کە (قۆناغەکەیان نزیکی یەکتر بن یان هاوســـەردەم بن، کۆی ئەوانەش دەکاتە ئەوەی ڕەنگە پەیوەندی نزیکایەتی بێت لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، ئایدۆلۆژی، یاخود لە بیروبۆچون و شـــێوازی بیرکردنەوە لە یەکتری نزیکن). (عزیز، ٢٠١٩: ١١٥)

_ **دەقاوێزانی خودی**: ئەم چەشنە کاتێك ڕودەدات ((کە نوسەرێك لە دەق ئێستای یان پێشتری خۆی دالێك یان چەند وشە و دەستەواژە و بیرێك وەردەگرێت و دەقێکی نوێی لێ بەرهەم دێنێت، ئەمەش بەپێی یاساکانی دەقئاوێزان ڕودەدات وەك جوینەوە، مژین، دیالۆگ)) (حەوێز، ٢٠٢٢: ١٨٧). بەو واتـایەی گەیـانـدن و بەیەکـداچونی کاره داهێنەرەکانی نوسەرە لە ڕوی توخم و ڕەگەزی بنیاتەوە.

_ **دەقاوێزانی گشتی: ئەو جۆرەیان بەسەر دو جەمسەردا دابەش دەبێت:**

**(هاوچەرخ:** بەیەکداچونی (دەق نوسەر لەگەڵ دەق تری هاوچەرخدا) جا جیاواز بن یان هاوشێوە.

**نوێبونەوە:** چونەناویەکی (دەق نوسـەرێک لەگەڵ دەقەکانی ناهاوچەرخدا) بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی و هاوشـێوەیی دەقاوێزانکراوەکان)(ماوەتی، ٢٠٠١: ١٤٩). هەروەك لەم هێڵکاردا زیاتر ڕون کراوەتەوە:




### بەشی دوەم: ڕەنگدانەوەی دەقاوێزان کەلتوری لە شیعرەکانی پیرەمێرددا

### تەوەرەی یەکەم: گرنگی دەقاوێزانی کەلتور لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا

ئەدەب ڕۆڵێکی گرنگ و بەهێز دەبینێت لە پاراستن و هێشتنەوەی کەلتور و گواستنەوەی بۆ نەوەی ئێستا و داهاتو، لەهەمانکاتدا کەلتوریش ســـەرچاوەیەکی گرنگە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەزمونی شـــاعیرانی کورد. ئەو بابەتە کەلتورییانە ڕەگێکی قوڵیان لە ناو گەلدا داکوتاوە و بە زمانێکی ســـادە دەربڕاون و بونەتە ســـەرچاوە و شـــاعیران بەرهەمەکانیان پێ بەهێزکردوە. شاعیران لە پێناو دانانی بنەمایەکی پتەو بۆ ئەزمونێکی سەرکەوتو پێویستی کردوە پشت بە سامانی کەلتوری

نەتەوەکەیان ببەستن، هیچ گەلێك بناغەیەکی ڕەسەن و تۆکمەی نابێت، ئەگەر بۆ باوەشی ڕابردو نەگەڕێتەوە و ئاوڕی لێنەداتەوە، بە ئێستا و ئایندەی گرێ نەدات، واتە گەشەکردن و مانەوەی هەر گەل و نەتەوەیەك پەیوەستە بە پاراستنی ڕەسەنایەتی کەلتورەکەی، دەوڵەمەندی هەر نەتەوەیەك بەکەلتور زیاتر فەرهەنگ و ئاستی پێشکەوتنی ئەو گەلە دەردەخات،کە لە ڕابردو چەند توانیویانە ئەو کەلتورە بپارێزن و بەشێوەیەکی پتەو بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتو بیهێڵنەوە، گەل کورد ڕەسەنایەتی خۆی لە ڕێگەی کەلتورەکەی پاراستوە، ئەدەب ڕۆڵێکی گرنگ و بەهێز دەگێڕێت لە قوڵکردنەوە و بە زیندو هێشتنەوەی ئەو بابەتە، لەهەمانکاتدا کەلتور بە بناغەیەکی پتەوی ئەدەب دەژمێردرێت؛ لەبەرئەوەی ((دابڕان لە کەلەپور مانای پرۆسەی بێبەشکردنی گەلە لە بەرهەمی ئەدەبی و هونەری، کە بە دەیان ساڵە پێی ڕاهاتوە و لە دەرونی جێگیرە، جا بێ بەشکردنی لەم ئەدەب و هونەرە، مانای بێبەشکردنیەتی لە توانای پێشکەوتن و پەرەسەندن)) (مەعروف، 2019: 7) جا بۆ ئەوەی ئەو پێشکەوتنە بەدی بێت پێویستە بەرگری لە کەلتوری نەتەوە بکرێت، مێژوی مرۆڤایەتی پڕیەتی لە ڕەسەنایتی و ڕۆشنبیری، ئەدەب دەکرێت ببێتە بڵندگۆی هێشتنەوەی ئەو ڕەسەنایەتیە، هەر گەلێك ئاوڕو لە ڕابردوی خۆی نەداتەوە کێشە بۆ بون و نەمانی خۆی دروست دەکات.

دەبینین لە زۆربەی ئەو نوسین و ئەدەبیات و کەلتور پەیوەندێکی پتەوی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە، بە کرانەوەی زیاتری دەق و کەشفکردنی دەلالەتەکانی دەق وایکردوە ئەدەبیات سود لە ڕابردو بۆ ئێستا وەرگرێت و بە هەڵمژنی ئەو دەقانە لەگەڵ یەکتریدا مانا و دەلالەتەکان بونە هەوێن بۆ لەدایکبونی بەرهەمی تازەی ئەدەبی، چونکە ((کەلتوریش لەگەڵ دەقنوسدا بەشداری لە نوسینی دەقدا دەکات، کولتور نەسەقی خۆی بەرهەم دەهێنێت))(لەتیف، ٢٠٢٢: ١٠٣)، لە ناو کوردا ئەدەب ڕۆڵ و پێگەی گەورەی لە گۆڕانکارییەکاندا بینیوە، بەو هۆیەوە شاعیران و نوسەران سودی گەورەیان لە کەلتور وەرگرتوە، (دەقاوێزان ئەوبەربەستەی لابردوە و پێشنیارێکی گونجاو بو، کەوەک بەدیلێک لە شوێنی ئەو قوتابخانە بەراوردییان بەکاربهێنرێت و سودێکی گەورە و جیاواز بە ئەدەب و ڕەخنەی کوردی بگەیەنن) (مەولود و حسێن، ٢٠١٧: ١٤٠). دەکرێت بڵێین دەقاوێزان وەکو سندوقێک وایە، کە هەرچی دەق نەتەوە جیاجیاکان و ژانرە جیاوازەکان هەیە لەناو خۆیدا هەڵی دەگرێت و کارلێک لە نێوانیاندا ئەنجام دەدات و نوێبونەوەی زۆرتریان پێ دەبەخشێت و پەیوەندی نێوان شارستانی و ڕۆشنبیرییەکان بەهێزتر دەکات، لەلایەکی ترەوە (بەکارهێنانی کەلتوری نەتەوەیی هۆیەکیشە بۆ زیندوکردنەوە و گرنگی پێدان و گەڕانەوە بۆ ڕابردو لە ئێستادا؛ بۆیە شاعیران گەڕاونەتەوە بۆ ڕابردوی نەتەوەکەیان و ئەمەش بۆتە سەرچاوە بۆیان، بەپێی پێویستی سروشتی مەبەستی شیعرەکە و زەمینە ڕۆشنبیرییە کەلتورییەکەیان ئاوێتەی بەرهەمەکانیان دەکەن و هۆشمەندانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن). (حەوێز، ٢٠٢٢، ١٩١).

هاتنەئارای دەقاوێزان ڕێگای خۆشکرد بۆ پیرەمێرد بۆ هەمو ئەوە دەقانەی ئاوێتەی دەقەکانی پێش خۆیان هەڵگرتوە، بەیەکداچون و لێکاڵانی دەقەکان لەهەمبەر پەیوەست بە بابەتە کەلتورییەکان دەروازەیەکی گرنگی کردۆتەوە بۆ شاعیر شارەزایانە توانیویەتی سود لە ڕەهەندە کەلتورییەکان وەرگرێت و بەمەش دەقەکانی خۆی پێ دەوڵەمەند کردوە، لەهەمانکاتدا بەرهەمی ئەدەبی کوردی بە شێوەی هونەری لە ئاستێکی بەرزدا هێشتۆتەوە.

**تەوەرەی دوەم: ڕەنگدانەوەی دەقاوێزانی کەلتوری لە شیعرەکانی پیرەمێرددا.**

یەکێک لە جۆرەکانی دەقاوێزان پێ دەوترێت دەقاوێزانی کەلتوری، ئەم چەشنە لای زۆربەی شاعیران گرنگی پێدراوە و دەقی تازەی پێ دروست کراوە. پیرەمێردیش وەکو شاعیرێکی ڕۆشنبیر و کەلتوری و دەوڵەمەند لە وشەی کوردی پەتی،

کەسێک بوە نەریتی ڕەسەنی نەتەوەکەی خۆی خۆشویستوە و هەوڵیداوە لە لەناوچون و فەوتان بیپارێزێت، ئەمەش دیاردەیەکی نامۆ نیە لای خوێنەرانی ئەو شاعیرە، چونکە شارەزاییەکی زۆری دەربارەی کەلتوری کوردی هەبوە و لێهاتوی و کارامەیی توانای خۆیشی هۆکاربوە بۆ ئەوەی دیاردە کەلتورییەکان تێکەڵ بە دەقە شیعرییەکانی بکات و لێکاڵان بەرهەم بهێنێت. بە خوێندنەوەی شیعرەکانی بە ئاسانی پرۆسەی دەقاوێزان لە دەقەکانیدا هەستی پێ دەکرێت جا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێت، هەروەها شاراوە، یان ئاشکرا بێ، واتە پیرەمێرد زۆر وەستایانە توانیویەتی بەشێوەیەکی دیار چەندین بابەتی وەک (داستانی فۆلکلۆری، پەندی پێشینان، گاڵتە و تەنزئامێز، مەتەڵ، حیکایەت و سەرگوزەشتە، بەستە و گۆرانی) تێکەڵ بە شیعرەکانی بکات و پرۆسەیەکی ئاوێزان بونی بەشی دروست بکات، نەک گشتی بەتایبەتی لە پەندی پێشیناندا، کە خۆی لە دو وشە یان دێڕێک یاخود کۆپلەیەکدا دەبینێتەوە، ڕونتر بڵێین دەقاوێزان لای پیرەمێرد تایبەتیە و بە دەگمەن ڕێکدەوێت کارلێکێکی گشتی بێت.

**دەقاوێزانی کەلتورییەکە دەتوانین بەسەر چەند جۆرێکدا دابەش بکەین، وەک:**

1. **دەقاوێزان لەگەڵ داستانی فۆلکلۆر**
2. **دەقاوێزان لەگەڵ سرود و بەستە و گۆرانی.**
3. **دەقاوێزان لەگەڵ پەندی پێشینان.**
4. **دەقاوێزان لەگەڵ گاڵتە و تەنزئامێز.**
5. **دەقاوێزان لەگەڵ مەتەڵ.**
6. **دەقاوێزان لەگەڵ حیکایەت و سەرگوزشتە.**

هەر یەکێک لەم جۆرانەی دەقاوێزان یاسا و شێوازی خۆی هەیە تا پرۆسەی ئاوێزان و لێکئاڵا بونەکە دروست دەبێت و بەرهەم دێت، کە لە خوارەوە یەک بە یەک دەیانخەینەڕو:

**1- دەقاوێزانی داستانی فۆلکلۆر :**

پیرەمێرد لە شیعری (شیوەنی شەهیدانی کورد)دا دەڵێ:

**ئەم خوێنی کوردە، هەروەکو خوێنی سیاوەشە**
**هەق نەسێنرێ، هەڵدەقوڵێ، دائیما گەشە** **(ئاشنا، ٢٠٠٩، ١٢٨)**

پیرەمێرد لەم دێڕە شیعرەدا سودی لە کەلتوری نەتەوایەتی وەرگرتوە و وشەی (خوێنی سیاوەش) کە لە کەلتوری کوردیدا نیشانەی بەردەوامی خوێن ڕشتنە وەکو ڕەمزێك وەریگرتوە بۆ خەبات و قوربانیدانی میللەتی کورد بەکاریهێناوە. ئەم دێڕە شیعرە بەپێی یاسای هەڵمژین بەرهەمهێنراوە و تێیدا دەقاوێزانی دەرەکی، کە یەکێکە لە جۆرەکانی دەقاوێزان بونی هەیە، چونکە شاعیر ئاماژەی بە داستانێکی کۆنی ئەدەبی کردوە، کە (داستانی سیاوەش)ە. شاعیر زۆر لێزانانە بە تەنیا وشەیەك توانیوێتی بەهێزی بەرهەمەکەی پێدەربخات، کە ئەو وشەیە لەڕاستیدا بەگشتی بۆتە کۆدێك لەلایی خەڵکی دەناسرێتەوە. بەهۆی بەکارهێنانی وشەیەك توانیوێتی داهێنان و ئەفراندنی لە بەرهەمەکەیدا کردوە، کە ئەمەش مانا و دەلالەتێك نوێی بە شێوازێکی نوێ دایرشتوە، بە هەمو ان دەڵێت لە هەر شوێنێك و زەمەنێك خوێنی کورد ڕژا بێت، بۆتە داستانێك و وەکو خوێنی سیاوەیش دائیمەن گەشە، خوێنی کورد ڕەمزی قوربانیدانە، لە هەمانکاتدا ئەوە بە

خوێنەر دەڵێ هەمیشە ماف سەندن بە ئاسانی بە دەست نایەت، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ دەقاوێزانی داستانی بۆتە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی دەقەکەی بەشێوەیەک، کە هیچ مافێک بە بێ قوربانیدان بەدەست نایەت.

هەروەها لە شیعری نەورۆز دەڵێت:

**ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە، نەورۆزە، هاتەوە**
**جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە**
**چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێ پەست بو تا کو پار**
**هەر خوێنی لاوەکان بو گوڵی ئاڵی نەوبەهار**
**ئەو ڕەنگە سورە بو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد**
**مژدەی بەیانی بۆ گەلی دور و نزیک ئەبرد**
**نەورۆز بو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە**
**لاوان بە عەشق ئەچون بە بەرەو پیری مەرگەوە (ئاشنا، ٢٠٠٩: ١٥٢)**

لەم دەقەدا شاعیر ئاماژە بۆ جەژنی سەرکەوتن و کۆتاییهێنان بە ستەم دەکات، شاعیر بە سود وەرگرتن لە داستانی کۆنی نەتەوەیی (کاوە و زوحاك)،کە کاوە ڕەمزی ئازایەتییە و زوحاکیش ڕەمزی خوێن ڕشتن و ستەمە ئەم بەرهەم لە دایک بوە. ئەم داستانە بۆتە هۆی هاتنەئارایی واتایەکی نوێ ئەمەش ئاماژە بە ستەم و قوربانی لاوان و جۆش و خرۆش بۆ ڕزگاربون دەکات، کە مێژوی گەلی کورد پڕیەتی لە داستان و قوربانیدانی لەم شێوەیە، ئەمانەش وەك ڕەمزێك لەناو کوردا ماونەتەوە، شاعیر بەپێی یاسای هەڵمژین دەقاوێزانی ئەنجامداوە، واتە سودی لە مێژو و داستانێکی کەلتوری وەرگرتوە و ئاوێزانی ئەم بەرهەمەی کردوە. ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر جۆشپیدانی هەستی نەتەوەیی و خۆشویستنی نیشتمانی و ویستی ئازادی و ڕزگاربون لە ستەم، هاوکات بوەتە جەژن و سەری ساڵی نەتەوەی کورد و ساڵانەش وەکو ڕەمزێکی نەتەوەیی دوبارە دەکرێتەوە. لەم بەرهەمە شیعرییە، جۆری دەقاوێزانی خودی بەدیی دەکرێت، چونکە شاعیر لە چەند بەرهەمێکی تریشدا شیعری بۆ نەورۆز نوسیوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە ناوبراو دەقەکانی نوێبونەوە و بەیەکداچونی لەگەڵ بەرهەمە شیعرییەکانی خودی خۆی ئاوێزان کردوە، بە هۆی ئەم داستانەوە شاعیر لەم دەقەدا نوێبونەوە و ئەفراندنی ئەنجامداوە و ئەوەی ئەم دەقەی بە زیندو هێشتۆتەوە بونی دەقاوێزانەکەیە، کە پەیوەستە بە داستانی نەتەوەیی.

هەروەها لە دەقی (ئەمرۆ)دا دەڵێت:

**ئەمڕۆ کە جەژنی هەمومانە سەربەسەر**
**کوردیش لەگەڵ گەلان لە چلەخانە هاتنەدەر**
**سێ ساڵ بو ڕۆژو، ڕۆژی بە ساڵێ لەبەر دەچو**
**ڕۆژوی حەرام بو، خێری لەبەر شەڕ دەبو بە شەڕ**
**مەتبوع و تابیع وەك مەم و زین بون چ فایدە**
**گورگ و چەقەڵ لە چقڵی (بەکر مەرگەوەڕ) بەتەر** (مستەفا، ٢٠٠٩، ١٨٣)

مەم و زین داستانێکی کەلتوری کوردییە و خۆشەویستی و وەفایی و دڵداریی نێوان دو خۆشەویست دەردەخات، شاعیر لەو داستانە فۆلکلۆرییەدا ڕۆڵەکانی میللەتی کورد بە مەم و زین دەچوێنێ لە خۆشەویستی و وەفایی نەتەوەییدا و

ناحەزانیش بە (بەکر مەرگەوەڕ)ی دوزمانی و ناپاکیی دەچوێنێ. بیری دەقەکە لە دەرەوەی بیرۆکەی دەقی نوسەرەوە سەرچاوەی گرتوە، کە ڕەهەندێکی کەلتوری هەیە،، شاعیر بە سود وەرگرتن لە داستانی مەم و زین توانیویەتی دەقاوێزانێکی دەرەکی بەپێی یاسای هەڵمژین بە بیر و وێنە و دەلالەتی نوێوە بەرهەم بهێنێت، بیرە تازەکەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەوانەی وەکو مەم و زین هیچ دڕکێکی هاوشێوەی بەکر مەرگەوەڕ نەیەتە بەردەمیان، بۆ هەمیشە دڵخۆش دەبن و بەیەکترشادبن.

هەروەها لە شیعری نەورۆزانەدا دەڵێت:

**هەور مرواری دەپرژێنێ**

**شەماڵ ژین و ژیان دێنێ**

**نێرگس مەستە و چاو بەخومار**

**وا فەرشی چیمەن ڕاخرا**

وشەی نێرگس مێژویەکی داستانی و کۆنی هەیە ((کۆنترین زمانی هیندۆئۆروپییش کە ناوی نێرگزی تیایا تۆمار کرابێت گرێکیە، بۆ یەکەمین جار ناوەکە بە شێوە (narkissos)، نەرکیسسۆس هاتوە. وشەکە، لە ڕوی زمانەوە، واتا گوڵی (نارکیس). واتا نارکیس لە ناوە گرێکیەکە، وەک ناوی شوێن و مەڵبەندێک هاتوە)) (بەکر، 3/30/2021)، پێدەچێت پیرەمێرد ئاشنا و شارەزای ئەو داستانە یۆنانیە کۆنە بو بێت و هەر لەبەر ئەوەیە بە ئاسانی داڕشتنی دەقەکانی نەکردوە؛ بۆیە بە وردبونەوە لەو چەمك و وشانە فەرهەنگی دەقەکانی زیاتر دەوڵەمەند کردوە، بە دیوێکی تر ماناو مەدلولی تریان لەناو خۆیاندا شاردۆتەوە، پیرەمێرد دەقاوێزانی کەلتوری بە سروشت کردوە، لەڕاستیدا بەکارهێنانی تەنیا وشەیەك وەك کۆدێك لەلای خەڵکی گشتی بە تەنیا وشەیەك بەسە بۆ ڕاکێشان و کەمەندکێشکردنی خوێنەر. وشەی نێرگس ڕەهەندێکی کەلتوری هەیە و وەکو ڕەمزێك بۆ موژدانە و هاتنی بەهار و توانەوەی بەفری زستانە، بەمەشە سەرلەنوێ واتای ژیانەوە و نوێبونەوە دەناسێنێ، بۆ کوردیش مێژوییەکی کەلتوری نەتەوەیی هەیە، کە مانای ڕزگاربون و ئارامبەخشە هێمای نوێبونەوە و ژیانە، بۆتە بەشێك لە سیمبولی نەورۆز و بەهار. نێرگس هێمای عەشق و سروشتە ئەمەش ئەو جۆرەی دەقاوێزانی قۆناغی دەردەخات، لە لایەکی ترەوە پیرەمێرد بەهۆی ئەوەی کەوتۆتە ژێر کاریگەری مەلەوی؛ بۆیە لەو دەقانەی کە سروشت زاڵە لەسەر مەولەوی، پیرەمێرد زۆر پەیوەست و مەیل و کاریگەری مەولەوی بوە و ڕەنگدانەوەی لەسەر بەرهەمەکانی دروستکردوە، لەم دەقەدا دەردەکەوێت پیرەمێرد لە دو سەرچاوە دەقەکانی خۆی بەهێزکردوە، کە بونەتە بنەما بۆ داڕژتنی دەقە نوێیەکەی شاعیر.

نمونەی شیعری مەولەوی لەباری نێرگس:

**شمشاد و نەرگس وەنەوشەی چەمەن**

**سەیرشان ئازار بینایی چەمەن**

**ئاد مارۆ بە وير تەرزەکەی باڵات**

**ئەو دیدەی مەستت، ئێد خاڵی ئاڵات** (مەولەوی، ١٣٨٣هـ، ٣٨٤)

ئەو لێکاڵان و بە یەکداچونەی پێرەمێرد لەگەڵ مەولەوی ئاماژەیەکی ڕون بەوەرگرتنی ڕاستەوخۆی وێنە شیعرییەکانی (مەولەوی) یاخود بەسود وەرگرتن بوبێ لەکەرەستە بیریی و هونەرییەکانی مەولەوی، تاقیکردنەوە شیعرییەکانی خۆی

دەوڵەمەندکردوە.(محمد، ٢٠٠١، ٧١)، دەقاوێزانی شـیعری لەگەڵ شـاعیران بۆتە سـەرچاوەی لەدایکبونی بەرهەمی نوێ.

**2- دەقاوێزان لەگەڵ سرود و بەستە و گۆرانی.**

پیرەمێرد کەسێکی دڵ تەڕ و هەست بزوێن بوە و حەزی لە بەستە و گۆرانی بوە، بەتایبەتیش ((قەتار و ئەڵلاوەیسی و خاوکەر و حەیران و خاڵەی ڕێبوار کردوە)) (**ڕەسول، ١٣٩٢: ٣٥١**). شاعیر توانیویەتی سود لەو کەلتورە ڕەسەنە وەرگرێت و لەگەڵ شـیعرەکانی خۆی ئاوێزانیان بکات، لەو ڕێگەیەوە هەوڵیداوە بەسـتە و گۆرانی کوردی لە فەوتان بپارێزێت، وەک لەشیعرێکدا دەڵێ:

**من خەڵەفم، نەوەی کورد کاتێک هاتم دەست و برد**
**ئەبینی لەشکرم لەناوبرد عوسمان پاشا لە ترسا مرد**
**فەرمانی میری بۆتانە**
**جزیری خۆش جزیری لێی دێ دەنگی نەفیری**
**زابت بەستن بە زنجیرێ بگرین شازیان بە ئەسیرێ**
**فەرمانی میری بۆتانە**
**دیر گوڵە خۆش دیرگوڵە بەدرخان بەگ سور گوڵە**
**لە عوسمان پاشا بەکوڵە جێی عوسمان پاشا ژێرگڵە**
**فەرمانی میری بۆتانە**
**بژی حەسەن هەریری پەلاماردان وەک شیرێ**
**عەسکەر لەچیان هەڵدێرێ ئۆردو شکا سەرەوژێرێ**
**فەرمانی میری بۆتانە** (ڕەسول، ١٣٩٢: ٣٥٥-٣٥٦)

پیرەمێرد سرودە فۆلکۆرییەکانی ئەوکاتی ناوچەی سـۆران و بادینان ئاوێزانی دەقەکەی خۆی کردوە و بە دیاریکردنی ناوەکان وەکو ڤیدیۆیەک دەمانگەڕێنێتەوە بۆ نەریتێکی کۆنی کورد، کە سـەردەمانی کۆن ئەگەر جەنگاوەرانی کوردەواری بچونایە بۆ شەڕ هەر دەستەیەک گۆرانی تایبەتی خۆی دەگوت، لە شەڕێکدا لەشکری بەدرخان پاشا بە هاوبەشی چەند تاقمێکی وەکو (حەسـەن هەویر، ئاغای دیر گوڵ، میری شرناخ، دەسـتەی خەڵەف) بەشـداری شـەڕێک دەکەن و لەو شـەڕەدا هەر دەسـتەیە گۆرانی خۆی گوتوە. پیرەمێرد بەپێی یاسـایی جوینەوە پرۆسـەی دەقاوێزانەکەی ئەنجامداوە و ڕوداوەکانی شـەڕەکە بە وشـە دادەڕێژێتەوە، هەمو ناوەکان و ڕسـتەی (فەرمانی میری بۆتانە) وەکو خۆی کاوێژ و دوبارە دەکاتەوە.

پیرەمێرد لە کۆپلەی سەرەتای هەڵبەستێکی تردا دەڵێت:

**ئێمە کە کوردین لەلامان وایە**
**زوبانی کوردی زۆر بێ هاوتایە**
**لاوکی کوردی دەنگی زەبورە**
**جنەالمأوی لە شارەزورە**
**سەلاحەددین و کەریم خانی زەند**

**بابا شەرەفخان شای کۆی دەماوەند**

**قارەمان قادر فیدایی فؤاد**

**لە ڕێی وەتەندا بە جەننەت بون شاد** (ڕەسول، ١٣٩٢: ٣٥٧)

پیرەمێرد ئەم شیعرەی لەسەر ئاوازی (سمعت شعرأ)[2] ساڵی ١٩٢٦ نوسیوە و تێیدا دەقاوێزانی بەشی بەپێی یاسایی هەڵمژین ئەنجام داوە و ڕاستەوخۆ دەمانباتەوە بۆ ڕوداوی کوشتن و خنکاندنی (شێخ عبدالقادری شەمزینانی و دکتۆر فوئاد)، کە بەدەستی ڕەشی تورکە ڕەگەزپەرستەکانەوە خنکێنران. پیرەمێرد ئەم دەقەی لەسەر کێشی مەسنەوی هۆنیوەتەوە و شانازی بە بێهاوتای زمانی کوردی و کەلتور و کەسە ناودارەکانیەوە دەکات. شاعیر بە سەلیقە و وردبینیەکی تەواوە سودی لەو کەسایەتیانە وەرگرتوە و بەمەبەست ناوی هێناون و ڕۆڵی هەریەکەیانی بۆ بەهێزکردنی بیرە سەرەکیەکەی خۆی بەکارهێناوە لە ئەنجامی ئەمەشدا دەقاوێزان بەرهەم هاتوە،کە واتایەکی نوێی بە دەقەکە بەخشیوە لەو پێناوەشدا داوا لە میللەت بە گشتی دەکات هەرگیز دلێری و جانفیدایی کەسانی وەک (قادر و فؤاد) و هاوشێوەکانیان لەبیر نەکەن کەبونە شانازی مێژوی کورد و لە ڕێی خاک و سۆزی نیشتیمان خۆیان کردە قوربانی. شاعیر بەو وێنەیەی دروستیکردوە دەیەوێت ئەو پەیامە بە هەموان بڵێت پاداشتی خۆبەختکردن لەپێناو نیشتیمان شادبونە بە بەهەشت.

### 3. دەقاوێزان لەگەڵ پەندی پێشینان.

پەندی پێشینان جۆرێکی تری دەقاوێزانی کەلتوری پێکدێنێت، کە بریتییە لە ((کۆمەڵێك وشە و زاراوە یان ڕستەیەکی کورت و پوختن، کە بە شێوەیەکی جوان و سادە و ساکار لە ڕوی زمانەوە ڕێخراون و دراونەتە پاڵ یەکتری، بەڵام لە ڕوی واتا و ناوەڕۆکەوە واتایەکی زۆر و بەرفراوانی هەیە)) (حەوێز، ٢٠٢٢، ٢١٢)، پیرەمێردی شاعیر وەکو هەمو ئەدیبانی هاوسەردەمی خۆی بەهۆی نالەباری بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و قەدەغەبونی باسکردنی هەندێ ڕەوشتی کۆمەڵگە ناچاربوە بۆ دەربڕینی خواست و مەبەستەکانی پەنای بردۆتە بەر ڕەمز و بۆ لابردنی کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەمی، هەڵبەستەکانی بەشێوەی ڕەمزی لە چوارچێوەی (چیرۆک و گاڵتە و گەپ و پەندی پێشینان) دەربڕیوە، یەکێک لەو مەبەستە ڕەمزییانەی پەندی پێشینان بو، کە بە دێڕێک یان دو دێڕ ئاوێزانی تێکستەکانی کردوە و دەقی نوێی بەپێی میکانیزمەکانی دەقاوێزان بەرهەم هێناوە.

پیرەمێرد لە کۆپلەیکی ناوەڕاستی شیعری (نوخشەی تازە شاعیر) دەڵێت:

**کورتە باڵای گوێلک چاوە**

**دەم و زوڵفت هەر دوک خاوە**

**کەس نەما هەر منت ماوە**

**ڕویەکمان لێ بکە بەملاوە**

**وای لە چی و وای لە دۆشاوە**

**چرا هەڵکە چی تیاماوە؟** (ڕەسول، ٢٠١٢: ٣٧٣)

شاعیر لەم شیعرەدا دەقاوێزانێکی جوانی بەپێی یاسایی جوینەوە ئەنجام داوە، دو نیوە دێڕی کۆتایی کۆپلەکە (وای لە چی و وای لە دۆشاوی) لەگەڵ (چرا هەڵکە چی تیاماوە) هەردوکیان لەناو کوردا پەندی پێشینانن، شاعیر هاتوە بۆ تەواو پێکاندنی مەبەستی خۆی ئاوێزانی شیعرەکەی کردون بێ ئەوەی هیچ دەستکاریان بکات. لە پەندی یەکەمدا

شاعیر بەڕەمز باسی زۆردارەکان دەکات کە مەزڵومەکان بەدەستێک دەچەوسێننەوە و بەدەستەکەی تریان بە دۆشاوی شـــیرین خۆیان پیاوچاک و مەرد دەردەخەن، هەروەها لە پەندی دوەمدا شـــاعیر دەیەوێت ئەوە بڵێت کاتێک بەهەمو جۆرێ لایەنی کەسی بەرامبەر ئازار دەدرێ دواتر بەهەر شێوەیەک چاکەی لەگەڵدا بکرێ هێشتا ئازارەکانی بیرناچێتەوە و شوێنێکی نامێنێت چرای خۆشی ڕوناکی بکاتەوە.

پیرەمێرد لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

**خدر بو پیاوی حەسەن ئەفەندی**

**کەس پێی نەئەوت " کەرت بە چەندی"** (ڕەسول، ١٣٩٢: ٤٠٥)

ئاوێزانکردنی دەســـتەواژەی (کەرت بە چەندی) بۆ ناو شـــیعرەکە بەپێی یاســـایی کاوێژکردنەوە ئەنجامدراوە و هیچ گۆڕانکارییەکی بەســـەردا نەهێنراوە، دەرکەوتنی لەناو دێڕە شـــیعرەکە ڕاســـتەوخۆ پاڵمان پێوە دەنێ بۆ پەندێکی پێشـــینانی کورد بە واتای ئەوەی کە کەســـێک لە کۆمەڵگادا هیچ حیســـابێکی بۆ ناکرێ و پرس و ئیش و کاری پێ ناکرێت. کۆی شیعرەکە لە چیرۆکێکی (مەلای مەزبور)ەوە وەرگیراوە.

پیرەمێرد لە بەیتی (مشک و پشیلە) دەڵێت:

**هەرچەند کە سۆفی بە کەوڵ و پۆست بێ**

**چۆن باوەڕ ئەکەی جانەوەر دۆست بێ**

**خویەک سروشتی ئەزەل بیبەخشێ**

**بە هیچ ناگۆڕێ بە هیچ نانەخشێ** (ڕەسول، ٢٠١٢: ٣٨٩)

دەربڕینی (خویەک سروشـــتی ئەزەل بیبەخشێـــ، بەهیچ ناگۆڕێ بە هیچ نانەخشێـــ) بەپێی میکانیزمی هەڵمژین دەقاوێزانێکی جوانی لێ دروسـت کراوە، کە شـاعیر بەئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵ پرۆسـەی دەقاوێزانەکە کردوە. پیرەمێرد بە یاســـای هەڵمژین بەرهەمەکەی خۆی دەوڵەمەند کردوە و خوێنەر بە خوێندنەوەی شـــیعرەکە یەکســـەر ڕەوانەی دەرەوەی شیعرەکە دەکرێت ئەو پەندە کوردیەیی بیردەکەوێتەوە، کە دەوترێت: (خویەک فێر بی بە شیری، تەرک ناکرێ بە پیری)، ئەمەش لەناو کوردا وا لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، کە مرۆڤ بە منداڵی و هەر لە سەرەتایی تەمەنیەوە لەسەر چ خوڕەوشت و ئاکارێک ڕاهاتبێ تا تەمەنی پیریش لەگەڵی بەردەوام دەبێت و ناتوانێ تەرکی بکات.

## 4. دەقاوێزان لەگەڵ گاڵتە و تەنز ئامێز

پیرەمێرد زۆر حەزی لە بەزمی گاڵتەو تەنز ئامێز و نوکتە و قسەی نەستەق کردوە و هەمیشە لەو دانیشتنانە بەشداری کردوە، کە پڕ بوە لە قسەی خۆش و بەسەرهاتی پڕ لە پێکەنین، زۆرجار شاعیر شتی وای گوتوە، دور بوە لە ڕەوشت و ئاکارییەوە، بەڵام گوێی بە قسەی خەڵکی نەداوە و هاوشێوەی شاعیرانی تر چی بۆ هاتوە نوسیویەتی و بڵاوی کردۆتەوە.

پیرەمێرد لە تێکستی (شیعری نوخشەی تازە شاعیر- دوبارە) دەڵێت:

**خۆ هەڵبەستی ئەم دەورە لەجێی خوێندن و دەورە**

**جنۆکەمان لە دەورە بسم الله کەین بە دەورە**

**دەورییەک پڵاوی چەورە وەک کۆتر کەوتە دەورە**

**ئەچیت بۆ پیاوی گەورە ئاسمانی ئێمە هەورە**

**یەکێ بو، یەکێ نەبو لەو دوانە ئەوەی نەچو**
**کەرێکی بێ گوێچکە بو بۆ خۆی بۆ کێشە ئەچو** (ڕەسوڵ، ١٣٩٢: ٤١٩)

پیرەمێرد بەو شیعرە گاڵتە و تەنز ئامێزە دەیەوێت ڕەخنە لەوانە بگرێت، کە خۆیان دەکەنە شاعیر و هەروا بە ئاسانی شیعر دەنوسن هەروەك بڵێی بەو هۆیەوە نانی چەوری پێدەخۆن، ئەوە دەبێت (بسم الله) یان لێبکەی، کە وەك جنۆکە وان، هەر ئەوانەش لای کەس و پیاوی گەورە خۆیان دەبەنە پێشـــەوە، لە کۆتایشـــدا ئەو جۆرە کەســانە بە گوێدێژێکی بێگوێ دادەنێت، شـاعیر پێیوایە ئەو جۆرە شـیعرانەی، کە لەسـەر شـێوازی تازە نوسراون بە خوێندنەوەیان تێدەگەی هەر قســەن و دراونەتە پاڵ یەکتر و هیچیان بەســەر هیچەوە نیە و لە ناوەڕۆکدا بەتاڵن. واتە پیرەمێرد ئەو دەقە بەپێی میکانیزم و یاســای هەڵمژین دەقاوێزان و بەیەکداچونەکەی ئەنجامداوە بە واتا و دەلالەتێکی نوێوە دەیەوێت ئەوە بەو کەسانە بڵێ، کە شیعر هۆنینەوە تەنها قسە ڕیزکردن نیە و بەهەمو کەسێ ناگوترێ شاعیر.

**دەرسی مەلای هەیاسی قل أعوذ، تۆ بێژە**
**شەو کورتە و ڕۆژ درێژە بۆیە پیاو گێژ و وێژە**
**هەرچی ئەکرێت بیچێژە شیر کە ترشا بیرێژە**
**ژن کە پیر بو بینێژە بێ دراو کوشتەی نوێژە**
**پارەدار زەینی تیژە درەو درەوی لێژە**
**گۆشت گۆشتی مەڕی گێژە تام لەلای ژنی درێژە**
**باوی بێ ڕۆژو و نوێژە** (ئاشنا، ٢٠٠١، ٢٥)

پیرەمێرد لەم دەقەدا لێهاتوانە ســودی لە چەند بابەتێکی جیاواز وەرگرتوە و توانیویەتی دەقاوێزانێکی کەلتوری دروســت بکات بە (تەلمیح) تلێنیشــانکردن بە قورئانی پیرۆز، دەســتەواژەی تەنزئامێز و پەندی پێشــینان ئەمەشی بە یاســای جوینەوە ئەنجامداوە، شـاعیر لەسـەر زاری یەکێک لە مەلا نوکتەباز و قسـەخۆشـەکان ئەوە دەگێڕێتەوە، کە زۆرینەی مەلاکان لە سەردەمی کۆندا بۆ مەبەستی پێکەنین و بەسەربردنی کاتێکی خۆش ئێواران کاتی ڕۆژئاوابون لە شوێنێکی بەرزی وەکو (ســەکۆی مزگەوت) کۆدەبونەوە و دەســتیان دەکرد بە دەمەتەقێ و نوکتەگێڕانەوە، پیرەمێردیش بەشــداری ئەم جۆرە دانیشــتن و کۆبونەوانەی کردوە و بەشــێوەی گاڵتەو تەنزئامێز ژیانی ڕاســتەقینەی جاران و ســادەیی خەڵکی ئەو سـەردەمانەی خستۆتە بەر باس و ئاوێزانی شیعرەکەی کردوە. لەو دەقەدا سودی لەو وتە تەنز ئامێزانەی ناو کۆمەڵگە وەرگرتوە. کاتێک دەڵێت: **(ژن کە پیر بو بینێژە، پارەدار زەینی تیژە، گۆشــت مەڕ گێژ خۆشــە یان دەڵێ تام لە ژنی درێژە)** لەم دەربڕینە فۆلکلۆریانەدا شـــاعیر بە شـــێوەیەکی کۆمیدی ڕەخنە لەو بارە کۆمەڵایەتیانەی کۆمەڵگە دەگرێت، کە پێویســتە واقیعیەتی مرۆڤەکان وەک خۆی وەربگیرێت نەک زیاد وکەم کە ئەمەش وەکو واتا و دەلالەتێکی تازە هەســتی پێدەکرێت.

### 5. دەقاوێزان لەگەڵ مەتەڵ.

مەتەڵ یەکێکە لە بەشـــەکانی کەلتوری کوردی، چونکە (مەتەڵ جۆرێکی تری ئەدەبی فۆلکلۆرە، ئەم چەشـــنەش پشــتاوپشــت و دەماودەم پەرش و بڵاو دەبێتەوە، ئەگەرچی ئەم ڕەگەزە هونەرییە بەرهەمی مرۆڤی ســەرەتایی بوە، بەڵام وردەوردە بوە بە هێمـای زرنگی و وشـــیـاری مرۆڤ)(مەعروف، ٢٠١٩: ٣٧) واتە مەتەڵیش ڕۆڵی خۆی هەبوە لە بەرەوپێشبردنی هۆشیاری تاکی کۆمەڵگە. هەروەها (سەدرەدین نورەدین) لە کتێبی (بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی)

جەخت لەســەر بابەتی مەتەڵ دەکاتەوە وەکو پێکهێنەرێکی گرنگی کەلتوری کوردی (نورەدین، ٢٠٠٥: ١١). پیرەمێرد لە شــیعرەکانیدا ئاوێزانکردنی (مەتەڵ)ی وەک ســەرچاوەیەک بۆ ناو بەرهەمە شــیعرییەکانی ئەنجامداوە، کە ئەمەش وەستای و کارامەیی لە چنین و گرێدانی وشەکان پیشان دەدات و هەمو ڕێگەیەکی بۆ گەیاندنی مەبەستە شیعرییەکانی تاقیکردۆتەوە. دەقاوێزانکردن بە مەتەڵ لای پیرەمێرد چالاکە و بەو هۆیەوە بیر و بابەتی نوێی هێناوەتەئاراوە.

وەک لە شیعرێکدا دەڵێت:

**لەم قەراغ شارە وەرە بنوارە**
**کوێت لێ دیارە، مەڵبەندی یارە**
**لە دور دور نیگای شیرین و بەرزە**
**نزیک کەوتیەوە ئەتخاتە لەرزە**
**ناوی گوێزێکە خانەی نێچیرە**
**با سەفا و پرغەم سەیرانگای زویرە**
**هەرهەفتەی ڕۆژێک کۆگای ژنانە**
**(ئۆپێرا)ی ژنان، گۆرانی خانە** (ڕەسول، ١٣٩٢: ٤٥٦)

پیرەمێرد زۆر وەستایانە دێڕی یەکەمی لە شێوەی مەتەڵێکی سادە و پڕ مانا دەست پێکردوە و بەپێی یاسایی هەڵمژین دەقاوێزان و بەیەکداچونێکی جوانی لەشــیعرەکەدا ئەنجامداوە، هەرچەندە جۆری شــیعرەکەی پیرەمێرد ســادەیە و ڕاستەوخۆ مانای مەتەڵەکەمان پێ دەڵێت، ئەو دێڕە سەنتەر و چەقی شیعرەکەی داگیرکردوە، کە دەڵێ: (قەراغ شارە) مەبەستی پێ لە قەبرستانە و (مەڵبەندی یار) یش قەبر و مەڵبەند و ماڵی یار و خۆشەویستانی ئەوکەسانەیە، کە ڕۆژانی هەینی سەردانی ئەو شارە دەکەن و ژنان و کچان و دایکان غەم و ئازاری ناخیان لەشێوەی ئۆپێرایەک لەسەر ئەو قەبرانە هەڵدەڕێژن. لەم دەقەدا شاعیر تابلۆیەکی بە کۆمەڵە وەسفێکی جوان و سەرنجراکێش بە وشە نەخشاندوە و دەقاوێزانی مەتەڵی پێ ئەنجامداوە، لە کۆیی دەربڕینەکە خوێنەر ڕادەکێشێت بۆ دۆزینەوەی واتاکەی،بۆ نمونە کە دەپرسێت (**نزیک کەوتیەوە ئەتخاتە لەرزە**) مەبەستی ڕونە، کە گۆڕستان شوێنێکی ترسناکە بۆ زیندوان لە کاتێکدا شوێنی مردوانە، یان کە دەڵێت: (**(ئۆپێرا) ی ژنان، گۆرانی خانە**) لێرەدا شــاعیر دیمەنێکی تری تابلۆکە دەخاتەڕو، کە کۆبونەوەی ژنانە هەفتەی ڕۆژێک لەو شوێنە.

هەروەها لە کۆپلەی شیعری (تابوت) دەڵێت:

**ڕەورەوەیەکم بینی لەو دەشتە**
**پێنج لەش و چوارگیان بە هەنگاو هەشتە**
**ئەگەر تۆ زانای هۆشت بەگیرە**
**لەناو مەلاناکام مەل بەگیرە** (ڕەسول، ٢٠١٢: ٤٢٥)

پیرەمێرد زۆر جوان بەپێی میکانیزمی هەڵمژین بەیەکداچونێکی ســادەی لەناو دەقەکەدا ئەنجامداوە، بە دانانی گرێیەک لە نیوە دێڕی دوەم (پێنج لەش و چوار گیان) ڕاستەوخۆ مانای مەتەڵەکە (دارجەنازە)یە ئاشکراکردوە، شاعیر بەهەمان شێوەی جۆرەکانی تری کەلتور سودی لە چەشنی مەتەڵیش وەرگرتوە و بەرهەمەکانی خۆی فرە ڕەنگتر کردوە

وەک دەبینین لێرەدا توانیویەتی بە بەکارهێنانی لێکدانەوەی مانای مەتەڵەکە دەقێکی شیعری کێش و سەروادار دابڕێژێت، کە هەر خودی شیعرەکە مانای مەتەڵەکەیە.

**تۆ تا دوی کەوی ئەو سەرەڕۆیە**
**ڕوی لێ وەرگێڕی ئەو لەدوی تۆیە**

یاخود دەڵێت:

**وشک تەڕ دەبێ لە بەراوردێ**
**ئەو تەڕی تێخەی بە وشکی دەردێ** (ئاشنا، ٢٠٠١، ٣٦٨)

وەک دەبینین لێرەشدا شاعیر بەپێی یاسایی هەڵمژین و بەشێوەی چوار نیوە دێڕی شیعری کێش و سەروادار دەقاوێزانێکی کەلتوریانەی وردی لە جۆری مەتەڵی پڕ مانا،کە بیر و فکری خوێنەر بجوڵێنێ دروست دەکات و سەرەتا دوای خوێندنەوەی شیعرە مەتەڵیەکە ڕاستەوخۆ لە مانا و ناوەڕۆکی مەتەڵەکە تێناگەیت، بەڵام دوای بیرکردنەوەیەکی کەم واتای تەواوی مەتەڵەکەت بۆ دەردەکەوێت. بە خوێندنەوە بۆمان دەردەکەوێت دێڕە شیعری یەکەم مەبەستی لە (سێبەر)ە، کە زۆر بە وەستایانە پیرەمێرد ئەو مەتەڵەی بە شیعر ڕێکخستوە و بەهەمان شێوە دێڕی دوەم بە مانای (تەندوری نان) دێت.

### 6. دەقاوێزان لەگەڵ حیکایەت و سەرگوزەشتە

پیرەمێرد هەروەک لەسەرەتادا ئاماژەمان پێدا بە شاعیری فۆلکلۆر ناسراوە و هیچ دیاردەیەکی بازنەی فۆلکلۆری فەرامۆش نەکردوە و بەهرەی شیعری خۆی تێدا بەکارهێناوە و زۆر جوان مەبەستەکەی پێکاوە. ئەویش وەکو شاعیرانی قانع و بێکەس بە دەم یەکێک لەو دایکانەی لایەلایەی بۆ کۆرپەکەی کردوە و بەخۆشترین ئاواز خەواندویەتی هەڵبەستێکی جوانی دارشتوە و گرنگی بەو لایەنەش داوە، وەک دەڵێت:

**گورگانە شەوێ، گورگانە شەوێ**
**بەرخە بچکۆلەکەم خەوی لێ بکەوێ**
**لورەی تۆی ناوێ لای لایەی ئەوێ**
**ئەڵێ لە ماڵی ئێمە وەدور کەوێ**

*********

**کەمتیاری سم پان، کەمتیاری سم پان**
**ڕۆڵە شیرینەکەم نوستوە لە هەیوان**
**سپاردومە بە پێغەمبەر و یەزدان**
**سپاردومە بە ئایەتی قورئان**
**با حەچەی تۆ ببڕێت لە گوێمان** (ڕەسوڵ، ٢٠١٢: ٤١٧)

پیرەمێرد بە شەش کۆپلە شیعری پێنج نیوە دێڕی حیکایەتێکی جوانی بە شێوەی لایەلایە هۆنیوەتەوە و سودی لە یاسایی هەڵمژین بینیوە، ئەم شیعرە نەریتی ڕەسەنی کوردەواریمان بیردەخاتەوە، کە شەوان لەناو خەڵکیدا بەکارهاتوە، ئەوکات دایکان بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بخەوێنن بەسۆزێکی جوان بە ئاواز و لایەیە، کە پڕە لە وشەی ڕەسەنی کوردی ئەو سۆزەیان بۆ منداڵەکانیان دەربڕیوە، کە منداڵی ئەوسا جیاواز بونە لە ئێستا، ئەم دیاردەیە ئێستاش لە زۆربەی

دێهاتەکانی کوردستان بونی ماوە. شاعیر هۆشیارانە هاتوە ئەو دەقەی بە سەرگوزشتە و حیاکایەتانە دەقاوێزان کردوە،کە لە سەر زاری دایکێک جوان ئەم لایەلایەی دارِشتوە و بەرهەمەکەی خۆی پێ دەوڵەمەند کردوە. لەلایەک بە دەربڕین و ناوهێنانی وشـــەی گورگ وەکو ئاماژەیەک بۆ ترس و فێڵبازی بەیەکداچونی ئەنجامداوە، کە لەو ســـەردەمەدا بە جۆرە حیکایەتانە منداڵانیان لە ئاژەڵە زیانبەخشەکان هۆشیاردەکردەوە، هاوکات لە لایەکی تریشەوە بەسود وەرگرتن لەچەند وشـــەیەکی وەکو (یەزدان، پێغەمبەر، ئایەتی قورئان) حیکایەتەکەی هەمەرەنگترکردوە بە تێکەڵکێشـــکردنی ئەو ئاماژە ئایینیانە دەقەکە واتا و دەلالەتی تازەی بۆ خوێنەر هێناوەتە ئاراوە، کە ئەویش لە کاتی ترس و نارەحەتیدا خۆیان و دەوروبەریان سپاردەی خوابکەن.

هەروەها لە شیعرێکی تردا بەناوی (سەرگوزەشتەی پیرێژنان بۆ منداڵانی گوێ ئاگردان) پیرمێرد دەڵێت:

**پور تلێخان بزنێکی بو سبەینان بۆ بێرە ئەچو**
**کیتەڵەی ئەبرد ئەیدۆشی لەماڵەوە دایئەپۆشی**
**رۆژێک مام رێوی دۆزیەوە سەری لادا بە دزیەوە**
**ملچە ملچ شیری هەڵقوڕاند پور تلێخان کلکی پەڕاند**
**رێوی رایکرد بۆ ناو رێویان لێیان کرد بە چەپڵەرێزان**
**هەی رێوی کلکی بڕاوە ئێجگاری ئابڕوی تکاوە**
**رێوی هاتە لای تلێخان لێی پاڕایەوە بە گریان**
**وتی: کلکە قولێم وێدە داپیر وتی: شیرم پێدە** (ڕەسول، ١٣٩٢: ٤٢٤- ٤٢٥)

پیرەمێرد لەم شیعرەدا کە (٤٣) دێڕە و لەبەر زۆری ئێمە نەمانتوانی هەموی بنوسین سەرگوزەشتەیەک دەربارەی مام رێوی و داپیرەیەک بۆ منداڵان دەنوسـێت و ڕاسـتەوخۆ دەمانگەرێنێتەوە کاتی زو ئەم جۆرە چیرۆکانە بە چیرۆکی بەرگوێ ئاگردان دادەنران و زیاتر بۆ منداڵان دەگێردرانەوە، پیرەمێرد هاتوە ســـودی لەو حیکایەت و بەســـەرهاتانە وەرگرتوە، کە رەهەندێکی کەلتوریان هەیە گێرانەوەی ئەوە چیرۆکانە بە شـــیعر جوانی دەقەکە دەرخســـتوە، شـــاعیر لێهاتوانە وێنەی دیمەنی گوند دەگوازێتەوە کاتێك گوێبیســـتی دەبی دەتباتەوە بۆ ســـەردەمێك ژنانی بەتەمەنی لادێ بەســـەرهاتی خۆیان کردۆتە داستان و حیکایەت، لە ڕاستیدا شاعیر ویستویەتی لەرێگای بەئاژەڵکردنی کارەکتەرەکان لەو تێکستەدا، کە بزن و رێوی بەکارهاتوە، هەر یەکێکیان واتای جیاواز لە دەقەکە لەخۆدەگرێت، بزن ڕەمزی بێتاوان و بێ کێشـــەیە، رێوی ڕەمزی فێڵ و خراپەکارییە. لە واتا تازەکەدا منداڵان ئاشـنا دەکات بە دیوێکی تری دەقەکە و سـەرنجیان بۆ ڕوداوی ناو چیرۆکەکە ڕادەکێشـــێت، کە وریابن، بە فێڵ و بێ پرس ماڵی کەسی تر نەخۆن. لێرەدا شـــاعیر بەپێی یاســـایی جوینەوە دەقاوێزانەکەی ئەنجامداوە و تەواوی سـەرگوزەشـتەکەی بە کێشی مەسنەوی دو بەیتی بەشێوەی شیعر دارشتۆتەوە، هەوڵی زینـدوکردنەوەی کەلتوری ئەوە بیروهزرەی داوە بە خوێنەر، کە زینـدوکردنەوەی ئەو حیکایاتـانە لە نـاو ویژدانی نەوەی تازە بتوانێت رەهەندێکی هزری بەهێزیان لەلا گەشە بکات.

جۆرێکی تری شـیعری کەلتوری لای پیرەمێرد شـیعری چیرۆکی یان چیرۆکە شـیعر بو، لەبەر ئەوەی لەو سـەردەمەدا پەخشـان سـەری هەڵنەدا بو تەنیا شـیعر بونی هەبو هەمو شتێک بەشـیعر دەنوسرایەوە و کێش و قافیەی هەبوە؛ بۆیە چیرۆکیش بەشـێوەی شـیعر دەنوسرا. پیرەمێرد لەم جۆرەشـدا جێ دەسـتی دیاربوە وەک لە بەیتی (مشـک و پشـیلە) کە چیرۆکێکی شیعرییە دەڵێت:

**لە بیرمە جارێک باوکم بۆ ئێران**
**بە سەفەر چوبو سەفەری خێران**
**هەندێ کتێبی بۆ من هێنابو**
**بەیتی پشیلە و مشکیشی تیا بو**
**نوسیبوی ڕۆڵەی خاوەن عەقڵ و هۆش**
**یبخوێنەرەوە بەیتی گوربە و موش**
**پشیلە مشکی توخن نەدەکەوت**
**بە فێڵ خۆی خستە کونجێکی مزگەوت** (ڕەسول، ١٣٩٢: ٤٢٣)

بەسەرهاتی مشك و پشیلە لەناو حیکایەتی کورد و گەلانی تریش مێژویەکی دوری هەیە بە تایبەت لە سەردەمی ئێستادا ناکۆکی مشك و پشیلە بۆتە ئەنیمەیشن، کە ناکۆکی ئەو دو ئاژەڵە وایکردوە بە جۆرێك بۆتە هۆی بەزەیی و جوڵاندنی هەست و سۆزی بینەر، بەکارهێنانی ئەو جۆرە چیرۆکانە بە شیعر کەمەندکێشکردن و ورژاندنی ئاگای خوێنەرە، پیرەمێرد لەسەردەمێك ئەو شیعرەی دەربڕیوە، کە بۆ ئەو سەردەمە لە نوسینی تێکستەکەدا داهێنانی کردوە، بە تام و چێژێکی سەرنجڕاکێش ئاوێتەی کردون، دەتوانین بڵێین دەقاوێزانکردنی ئەم شیعرە بەپێی یاسایی هەڵمژین ئەنجامدراوە و تەنها بیری چیرۆکەکەی وەرگرتوە و بەپێی ئەزمونی شیعری خۆی داڕشتۆتەوە، کە لای هەموان دوژمنایەتی و دژایەتی مشک و پشیلە ئاشکرایە و هەرگیز ئەو دو گیاندارە نابن بە دۆستی یەکتر. ئەگەر لەدیوێکی تری واتای دەقە بڕوانین هانی کەس و کاری منداڵ دەدات، کەوا لە کڕینی دیاری بۆ منداڵ پەرتوکیان بۆ بکەنە دیاری.

**ئەنجام:**

**لەکۆتایی توێژینەوەکە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:**

١. پیرەمێرد بایەخێکی زۆری بە کەلتور داوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو بیرە دەردەخات لای شاعیر، کە ویستویەتی لە ناو کوردا ئەو چەمك و بابەتە کەلتورریانە بەهایان لە دەست نەدەن و کاریگەریشیان لەسەر گەشەپێدانی ئاستی هزری، ڕۆشنبیری، نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری تاکی کۆمەڵگای کوردی بە شێوەیەکی گشتی بەجێهێشتوە.

٢. پیرەمێرد بە سود وەرگرتن لە چەشنەکانی کەلتور دەقەشیعریەکانی فرە واتاتر کردوە بە تایبەت لە ڕێگای دەقاوێزانەوە، کە لەو چوارچێوەیەشدا دەقاوێزانی بەشی و کەرتی ئەنجامداوە نەک گشتی.

٣. لە نێوان یاساکانی دەقاوێزانیدا (جوینەوە، هەڵمژین، گفتوگۆ) دەبینین دەقاوێزانە کەلتورییەکان زۆرترینیان بەپێی یاسای هەڵمژین و جوینەوە ئەنجامدراون، بە جۆرێک هەندێکجار تێکەڵ بە یەک دەبن و ناڕونیەک بە دەقەکە دەبەخشن و ناسینەوە و جیاکردنەوەی پرۆسەکە زەحمەت دەکەن دور لە دزی ئەدەبی بەرەو داهێنانی دەبەن.

٤. لە بەرهەمە شیعرییە کەلتورییەکاندا جۆرەکانی دەقاوێزانی (دەرەکی، خودی، قۆناغی) بونیان هەیە، کە ڕێژەی دەقاوێزانی خودی زیاتر بەکارهاتوە بەراورد بە دەقاوێزانی دەرەکی، هەروەک تەنیا لە چەند بەرهەمێکدا دەقاوێزانی قۆناغی دەبینرێت.

٥. لە بەشەکانی (داستانی فۆلکلۆری، مەتەڵ، گاڵتە و تەنزئامێز، پەندی پێشینان، سرود و بەستەو گۆرانی، حیکایەت و سەرگوزەشتە) دەقاوێزانی کەلتوری پراکتیزە کردوە، (پەندی پێشینان و مەتەڵ) پانتاییەکی فراوانتری داگیرکردوە بە بەراورد بە جۆرەکانی تری دەقە کەلتورییەکان.

## سەرچاوەکان:


ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد: ٢٠١١، فەرهەنگی زاراوەی و ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

ئاشنا، ئومێد: ٢٠٠١، پیرەمێرد و پێداچونەوەیەکی نوێی ژیان و بەرهەمەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

بایز، هەڵمەت (د.): ٢٠١٣، دەقئاوێزان لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا) ی (بەختیار عەلی) دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شـــەهاب، هەولێر.

خەیات، ئاری عوسمان: ٢٠١٩، ڕوانگەی ڕەخنە و ڕوانینی تیۆریی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

دیوان، مەولەوی ١٣٨٣، لەسـەر بناغە و تێکۆشـانی مەلا عبدالکریمی مودەریس، ئامادەکردنی حەسـەن گۆران، موحەمەد حیجازی، چاپی دوەم، دەزگای ڕۆشنبیری گۆران، سنندج.

ڕەسوڵ، محمد: ١٣٩٢، دیوانی پیرەمێرد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئانا، سنە.

ڕەسوڵ، محمد: ٢٠١٢، دیوانی پیرەمێردی نەمر، چاپی دوەم، چاپخانەی شڤان.

نورەدین، سەدرەدین: ٢٠٠٥، بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

مستەفا، ئاسۆ عومەر، ٢٠٠٩، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد، شیخ نوری شێخ سالح و گۆران، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.

مەحمود، شنۆ محمد (د.): ٢٠١٢، دەقئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا بەنمونەی (پیرەمێرد، گۆران، لەتیف هەڵمەت)، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

مەعروف، کەمال (د.): ٢٠١٢، تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

مەعروف، کەمال (د): ٢٠١٩، کەلەپور لە شیعری منداڵاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

حسێن، علی طاهر (پ.ی.د): ٢٠١٩، دەقئاوێزان لە شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس) دا، گ.ز. سلێمانی، ژمارە ٥٩، سلێمانی.

حسـێن و مەولود، ڕێزان صـالح (د.) و سـەنگەر ناظم (م. ی): ٢٠١٧، دەقئاوێزان لە ڕۆمانی (حیکمەتی پیران) ی عبدالکریم فەتتاحدا، گ. توێژەر، ژمارە سفر، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

حەوێز، سروشـت جەوهەر(د.): ٢٠٢٢، دەقئاوێزانی کلتوری لە شـیعری هاوچەرخی کوردیدا بەنمونەی (عبدوڵڵا پەشـێو، شـێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٥٠، هەولێر.

عزیز، سامان جلال (د.): ٢٠١٩، دەقئاوێزانی خودیی لە شیعرەکانی گۆراندا، گ. زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٥٩، سلێمانی.

ماوەتی، عبداقادر محمد امین: ٢٠٠١، دەق ئاوێزیی لە شیعری کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٨

محمد، دڵشـاد علی (د.): ٢٠٠١، دیاردەی کاریگەری مەولەوی لەســەر شـاعیرانی کرمانجی خوارو (پیرەمێر،گۆران،دیلان) گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٥، سلێمانی.

لەتیف، حسێن: ٢٠٢٢، ڕەخنەی کولتوری و ناشیریناسی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٣٠١

سامان وەستا بەکر، (2021/3/30) ناوی نێرگس لە چییەوە هاتوە https://www.peyserpress.com/wtardetail/808

أحمد ناهم (٢٠٠٤) التناص في شعر الرواد، سلسله رسائل جامعيه بغداد، دار الشؤن و الثقافة العامة.

البادي، حصة: ٢٠٠٩: التناص في الشعر العربي الحديث (البرغوثي نموذجا)، دار الكنوز المعريفة العلمية للنشر والتوزيع، الاردن.

العاني(د.) شجاع مسلم: ١٩٩١، قراءات في الادب والنقد، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، سوريا.

الادباغ، حنان عبدالوهاب محمد شكر: ٢٠٢١، التناص أنماطه و أنواعه في شعر المتنبي، رسالة الماجستير، جامعة الأسراء.

حمزة، عباس عبيد جاسـم: بدون سـنة.. مفهوم التناص في الدراسـات النقدية، مجلة الجامعة العراقية، العدد (٦٤ج٣)، رسـالة دكتۆرا، قسم الغة العربية وآدابها بجامعة آراك، ايران.

حيدرة، نبية خالد: ٢٠٢٢، التناص أحد قضايا النقد العربي الحديث، رسالة الدكتورا، جامعة محمد بن زايد للعلوم اإلنسانية، شعبة النشر والخدمات المعلوماتية.

خليف، عبدالحافظ عبد المنصــف: ٢٠١٩، التناص في شــعر أحمد عبدالحافيظ شــحاتة، كلية الغة العربية- فرع جامعة الزهر، مجلة بحوث كلية الآداب، جامعة المنوفية، الندمج هذه النصوص مع بعضها. مجلة أفق الكترونية-1 ص، ٥٨.

خالص، زهرة: 2006، التناص التراثي في (حدث ابو هريرة قال لمحمود المسعدى)، رسالة ماجستير، جامعة الجزئر/ كلية الادب واللغات. .https://sjam.journals.ekb.eg/article_123058_cd5e1bf2f9e6553003af6217762e669c.pdf

Golam Shahariar: 2023 Intertextuality in Arts and Literature: A Postmodern Phenomenon, South Asian Research Journal of Arts, Language and Literatur, Issue-6, Nov-Dec-, Bangladesh Army University of Science and Technology, Saidpur .

[1] ) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (بایز(د.)هەڵمەت: ٢٠١٣، دەقاوێزان لە ڕۆمانی دواهەمین هەناری دەنیای بەختیار عەلی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، لاپەڕە ٣٧).

[2] سمعت شعراء ئاوازی دەقێکە، کە پیرەمێرد ساڵی ١٩٢٦ لە ئەستەمبوڵەوە بۆ مستەفا سائیبی خوشکەزاپی نوسیویەتی کە کردویەتی بە گۆرانی، بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە (محمد ڕەسوڵ (هاوار)، دیوانی پیرەمێرد، چاپی یەکەم، ناوەندی بڵاوکردنەوەی سنە، ١٣٩٢).